*Journal of Language Studies.* **Vol. 5, No. 1, Atumn 2021, Pages (303-327)**

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://jls.tu.edu.iq

# Morphophonems in Grammatical Bound Morphems in Macho Subdialect

**Shehab Sheikh Tayeb Taher***
**Raparin University College of Education**
**E-mail: shahab@uor.edu.krd**

**-----------------------------------------------**

**Ako Najmuddin Abdul Rahman**
**Raparin University College of Education**
**E-mail: akonajmaden90@gmail.com**

**Keywords:**

- Morphophoneme
- Morpheme
- Macho
- Subdialect

**Article Info**

**Article history:**

**Received: 12-7-2021**

**Accepted: 10-8-2021**

**Available online**

**23-1-2022**

## Abstract

This research which is entitled "Morphophonems in Grammatical Bound Morphems in Macho Subdialect" belongs to Kirkuk dialect. It focuses on the phenomenon of morphophonemic. It clarifies the grammatical morpheme that the speaker of Macho accent creates morphophonemic. The research is conducted as a lack of linguistic research on this accent. It is limited on only morphology and phonology. Moreover, it is an academic work which determines the causes of the phenomenon of morphophonemic in Kirkuk dialect generally, and in particular the Macho accent of Kirkuk people.

* **Corresponding Author**: Shehab Sheikh Tayeb , E-Mail: shahab@uor.edu.krd
**Tel**: +9647702188455 , **Affiliation**: University of Raparin -Iraq

# الظاهرة المورفوفونيمية في المورفيم اللاصقة النحوية في لهجة ماجو

**ا.د.شهاب طيب طاهر** **اكو نجم الدين عبدالرحمن**

**جامعة رابرين / كلية التربية** **جامعة رابرين / كلية التربية**

| | |
|---|---|
| **الكلمات الدالة:-**<br>–مورفوفونيم<br>–فونيم<br>ماجو<br>–لهجة<br>**معلومات البحث**<br>**تاريخ البحث:**<br>الاستلام: ١٢-٧-٢٠٢١<br>القبول: ١٠-٨-٢٠٢١<br>التوفر على النت<br>23-1-2022 | **الخلاصـــة :** هذا البحث بعنوان (الظاهرة المورفوفونيمية في المورفيم اللاصـــقة النحوية في لهجة ماجو) التي تنتمي الى الى احدى اللهجات الموجودة في مدينة كركوك، والتي تؤكد على ظاهرة المورفوفونيم في تلك اللهجة ولا سيما المورفيم النحوي الذي يخلق ظواهر المورفوفونيمية من قبل متحدثي تلك اللهجة (ماجو). لم تُجري لحد الان أية أبحاث لغوية حول تلك اللهجة. أما حدود هذا البحث، فيتم داخل إطار علم التشكل (المورفولوجيا) وعلم الاصوات (علم النطق)، وهو أيضا إجراء علمي لتحديد أسباب ظاهرة المورفوفونيا في لهجة كركوك بشكل عام و لهجة (ماجو) بشكل خاص. |

## دیاردەی مۆرفۆفۆنیمەکانی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان لە شێوەزاری ماچۆدا:

توێژینەوەیەکە بەشێکی هەڵێنجراوە لە نامەی ماستەر لە بواری زمانی کوردیدا، بە ناونیشانی (مۆرفۆفۆنێم لە شێوەزاری کەرکووکدا).

**پ. د. شەهاب شێخ تەیب تاهیر** **ئاکۆ نجم الدین عبدالرحمن**

زانکۆی ڕاپەڕین/ کۆلێژی پەروەردەی قەڵادزێ توێژەر

**پێشەکی**

- ناونیشانی توێژینەوەکە: توێژینەوەکە بە ناونیشانی (مۆرفۆفۆنێم لە شێوەزاری کەرکووک)دایە، هەوڵێکە بۆ دەستنیشانکردنی دیاردەی مۆرفۆفۆنێم لە شێوەزاری ماچۆ)دا کە سەر بە دیالێکتی گۆرانە.

ـــــ هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە: هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تا ئیستا هیچ توێژینەوەیەکی زمانەوانی لە بارەی شێوەزاری ماچۆزمانەکانی ناو شاری کەرکووک نەونووسراوە، بۆیە دەکرێت ئەم بابەتە دیاردە مۆرفۆفۆنێمەکانی ئەو شێوەزارە دەرخات.

ـــــ سنوور و کەرەستە بەکارهاتووەکان: سنووری توێژینەوەکە بۆ شێوەزاری کەرکووك تەرخانکراوە و لەناو شێوەزاری کەرکووکیش بۆ ماچۆزمانەکانی ناو شاری بە نموونە وەرگیراوە و نموونە و داتاکانی ئەم توێژینەوەیە بە کەرەستەی (شێوەزاری ماچۆ) هێنراوەنەتەوە و لە ئاخاوتنی ئەمڕۆی ئاخیوەرانی خەڵکی شێوەزارەکە وەرگیراوە.

ـــــ ڕێبازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی ئەنجام دەدرێت، بۆیە دەکرێت سوود لە ڕێبازی پەسنی ڕەخنەیی جارجاریش بەراوردی وەربگرین.

ـ گرنگی و ئامانجی توێژینەوەکە: سوودی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە، کە دەکرێت دەستنیشانی ئەو هۆکارانە بکرێت کە دەبنە هۆی دروستبوونی دیاردەی مۆرفۆفۆنێمی لە (شێوەزاری ماچۆ)دا، هۆکارەکانیش بۆ دیاردە فۆنۆلۆژییەکان و کاریگەری زمانەکانی دەوروبەر و دیاردە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو زمانی کوردی دەگەڕێتەوە، هەروەها هەنگاونانێکیشە بۆ لێکنزیکبوونەوەی دیالێکت و شێوەزارەکان و یەکخستن و هەنگاونان بەرەوە زمانێکی ستاندارد.

ـــــ ناوەڕۆکی توێژینەوەکە: لەم توێژینەوەیەدا باسی ئەو دیاردە مۆرفۆفۆنێمە بەندە ڕێزمانییانە دەکرێت کە دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆرفۆفۆنێم، لە کۆتاییدا، ئەنجام و سەرچاوەکان دەخرێتەڕوو، وێڕای کورتەیەک بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی.

**١ـ ١ مۆرفۆفۆنێم (چەمک و تێروانین):**

**١ـ ١ـ ١ چەمکی مۆرفۆفۆنێم:**

پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان ئاستەکانی زماندا هەیە، بە جۆرێک سنووری نێوانیان ڕوون نییە و کەرەستەکانیان دەچڕژێنە ناو یەک و بە ئاسانی جیاناکرێنەوە، لە ئەنجامی بوونی ئەم پەیوەندییە بەهێزەشدا زۆرجار ئاستەکانی زمان تێکەڵ بە یەکتر دەبن و تێکدەچڕژێن و ئاست و لقی جیاوازی زمانەوانی سەرهەڵدەدات، بۆ نموونە لە ئەنجامی کارلێک و تێکچڕژانی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی ئاستی مۆرفۆفۆنێم پەیدادەبێت. (برزۆ: ٢٠١٠: ٢٥). واتە پەیوەندی نێوان هەردوو ئاستی (مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) بە دیاردەیەک لێکدەدرێتەوە پێیدەوترێت مۆرفۆفۆنێم، مۆرفۆفۆنێم ئاستێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بە ئاستێکی ناوەند لە زانستی زماندا دادەنرێت، مۆرفۆفۆنێم زاراوەیەکی زمانەوانییە هەڵقوڵاوی بواری مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژییە. چونکە سنووری نێوان مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی بە ڕادەیەک تێکچڕژاوە بە ئاسانی لەیەکتر جیاناکرێنەوە و دیاریکردنی سنووری نێوانیشیان لە پڕۆژەیەکی هاوبەشدا یەکدەگرێت، ئەویش پێکهاتەی مۆرفۆفۆنێمە. (مەلازادەیی: ٢٠١٣: ٧٠).

مۆرفۆفۆنێمی یان یاساکانی مۆرفۆفۆنێمی، بەشێکن لە نواندنە فۆنۆلۆژییەکان، ئەو یاسایەنەن کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕینی مۆرفیمەکان هەیە، هەروەها کاریگەرییان لەسەر بنیاد و پێکهاتەی مۆرفیمەکان هەیە، دەبنە هۆی هاتنەکایەی دیاردەی مۆرفۆفۆنێمی. (خۆشناو: ٢٠١٩ــــــ ٢٠٢٠: وانەی زانکۆیی). کەواتە زاراوەی مۆرفۆفۆنێم وەک ئاستێکی زمانەوانی لە

ئەنجامی کارلێکی هەردوو ئاستی (مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) هاتووەتە ئاراوە، هەر دیاردەیەک کاریگەری لەسەر گۆڕینی فۆرمی مۆرفۆلۆژی هەبێت، وەک: لێکدانی ئەو مۆرفێمانە لە سنووری وشەی لێکدراو و داڕێژراو لە مۆرفۆلۆژی مۆرفێمە ڕێزمانییەکان و مۆرفێمە بەندە داڕشتنەکان، ڕەهەندێکی دیکەی مۆرفۆفۆنێم ئەوەیە کە لە یاسا، یان لە ئەو دیاردە فۆنۆلۆژیانە دەکۆڵێتەوە، کە کاردانەوە و ڕەنگدانەوەیان لەسەر ئاستی مۆرفۆلۆژیدا هەیە، واتە لە هەر شوێنێک فۆنێمێک ڕۆڵی مۆرفێم ببینێت ئەوە مۆرفۆفۆنێمە. وەک: گۆڕانی دەنگ، تیاچوونی دەنگ، هاتنەناوەوەی دەنگ... هتد، ڕوودەدات، بەمەش جۆرە تێکچڕژان و کارلێکێک دروستدەبێت، سەرئەنجام ئەو دیاردانە پێیاندەوترێت (مۆرفۆفۆنێم).

مۆرفۆفۆنێم لێکدانەوەی ئەو پێکهاتە و وشانەیە، کە دەکەونە هەردوو ئاستی (مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی). (کە تێیدا تیشک دەخرێتە سەر پێکهاتەی ئەو مۆرفێمانەی کە لە فۆنێم پێکدێن). (ڕەسووڵ: ٢٠١٥: ٧٦). بە واتایەکی دیکە مۆرفۆفۆنێم ئەو دیاردە زمانییەیە، کە بە پەیوەندی نێوان مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی دەوترێت و هاوبەشن لە (فۆن)ێکدا، فۆنەکە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا مۆرفێمێکە و لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا فۆنێمێکە. کەواتە بەو دانە هاوبەشانەی زمان دەوترێت مۆرفۆفۆنێم، کە لە ئاستی فۆنۆلۆژی بە فۆنێم دادەنرێت و لە ئاستی مۆرفۆلۆژی بە مۆرفێم دادەنرێت، بەڵام لە هەردوو ئاستەکەدا لێکدانەوەی تایبەتی بۆ دەکرێت، وەک: وشەی (مۆڕ<u>ۆ</u>)، (دەخوات) بۆ نموونە فۆنێمی **/ۆ/** لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا فۆنێمەوە چەند سیمایەکی تایبەتی بە خۆی هەیە و یەکێکە لە دەنگە بزوێنە گڕە درێژەکان، بەڵام هەمان فۆنێم لە ئاستی مۆرفۆلۆژی بە مۆرفێم دادەنرێت، وەک دانەیەکی زمان لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا بە جێناوی لکاو بۆ کەسی سێیەمی تاک دادەنرێت. کەواتە مۆرفۆفۆنێم تێکەڵەیەکە لە نێوان هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی، ئاستی ناوەڕاستی وەرگرتووە.

سەرەتای لێکۆڵینەوەی مۆرفۆفۆنێم بەپێی هەندێک لە سەرچاوەکان دەگەڕێتەوە بۆ (لیونارد بلۆمفێڵد) کە ڕابەر و دامەزرێنەری قوتابخانەی بونیادگەری ئەمریکی بوو، (لیونارد بلۆمفێڵد) پێناسەی فۆنێمی کردووە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، لەو پێناسەیەوە باسی پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆژی بە فۆنۆلۆژییەوە دەکات، کە مۆرفۆفۆنێم دروستدەبێت. پاشان (ترۆبتسکۆ)ی دامەزرێنەری قوتابخانەی (پراگ) باسی مۆرفۆفۆنێمی لە چوارچێوەی فۆنۆلۆژیدا کردووە، دوای ئەوە هەر زمانەوانێکی دیکە باسی مۆرفۆفۆنێمی کردبێت ئەوە بۆ کاریگەری بۆچوونەکانی (لیونارد بلۆفێڵد) دەگەڕێتەوە. (محێدین: ٢٠١٣: ١٢٠). هەندێکی دیکە لە سەرچاوەکان لەگەڵ ئەوەدان، کە مۆرفۆفۆنێم وەک بیرۆکە بۆ زمانەوانی گەورەی هیندی (پانینی) دەگەڕێتەوە. لە زمانی کوردیدا چەمکی مۆرفۆفۆنێم تا ڕادەیەک تازەیە، یەکەم زمانەوان لە کورددا باسی مۆرفۆفۆنێمی کردبێت دکتۆر (وریا عمر ئەمین) بووە، ئەویش بۆ کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لە دوای ئەوەوە چەند توێژینەوەیەکی زۆر کەم لەسەر چەمکی مۆرفۆفۆنێم کراوە.

کەواتە مۆرفۆفۆنێم لەسەر دوو تەوەر کاردەکات:

**تەوەری یەکەم/** کارلێکی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی بەهۆی مۆرفێم و فۆنێمەکانەوە.

**تەوەری دووەم/** بەهۆی ئەو یاسا فۆنۆلۆژییانەی کە کاریگەرییان لەسەر گۆڕان و پێکهاتەی قاڵبی مۆرفیمەکان هەیە. (خۆشناو: ٢٠١٩ـ ٢٠٢٠: وانەی زانکۆ).

**١ـ ١ـ ٢ زاراوەی مۆرفۆفۆنێم:**

مۆرفۆفۆنێم ئاستێکی هاوبەشە، لە ئەنجامی کارلیکی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی هاتووەتە ئاراوە، بەم متوربەکردنەی نێوان ئەم دوو ئاستە دەوترێت مۆرفۆفۆنێم، لە لایەن قوتابخانە زمانەوانییەکانەوە چەندین زاراوەی جۆراوجۆری بۆ بەکارهاتووە، دەربارەی زاراوەی مۆرفۆفۆنێم لە زمانی کوردیدا (عەبدوڵڵا حوسێن ڕەسووڵ) زاراوەی دەنگوشەسازی بەکارهێناوە. (ڕەسووڵ: ٢٠١٥: ٢٧٦). هەروەها لە بەرانبەر زاراوەی (مۆرفۆفۆنێم) لە لایەن زمانەوانەوە چەندین زاراوەی دیکەی بۆ بەکارهاتووە، بۆ نموونە (مۆرفۆفۆنێم Morphophonem) و (فۆنۆ ــ مۆرفۆلۆژی Phono-Morphology) و (مۆرفۆ ــ فۆنۆمیک Morpho- phonemic) و (مۆرفۆ (فۆ)نۆلۆژی) و (مۆرفۆنۆلۆژی Morphophonology)یان بەکارهێناوە، دەربارەی ئەم زاراوەیە (دەیڤد کریستاڵ) دەڵێت: (زمانەوانە ئەوروپییەکان زیاتر هەردوو زاراوەی (مۆرفۆفۆنۆلۆژی یان مۆرفۆنۆلۆژی)یان بەکارهێناوە، واتە ئەو دوو زاراوەیە بە لایانەوە گونجاوە و جێگەی ڕەزامەندین، بەڵام زمانەوانە ئەمریکییەکان، زاراوەی مۆرفۆفۆنۆمیک بەکاردەهێنن). (Crystal: 2008: 315) خۆشی هەردوو زاراوەکانی (مۆرفۆفۆنۆلۆژی و مۆرفۆفۆنۆمیک)ی بەکارهێناوە.

هەروەها دەربارەی زاراوەکە (احمد موختار عمر) دەڵێت: (زمانەوانان لەبەر ئاڵۆزیی و درێژی وشەکە دەستکارییانکردووە و کورتیانکردووەتەوە، تا بووە بە (مۆرفۆنۆلۆژی) هەندێکی دیکە بە زاراوەکە دەڵێن (مۆرفۆنێکس) یان (مۆرفۆفۆنێمیکس) هەروەها هەندێکی دیکە زاراوەی (فۆنۆمۆرفۆلۆژی) بەکاردەهێنن بۆ ئەم ئاستە). (عمر: ١٩٩٧: ٧٠). هەموو ئەو زاراوە جیاوازانەی بۆی بەکارهاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ کورتکردنەوە و تێکەڵکردنی هەردوو ئاستی (مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) ئەویش بە مەبەستی ئاسانی دەربڕین و گۆکردنی زاراوەکە.

بە پشتبەستن بە سەرچاوەکان و توێژینەوەکانی ئەم بوارە، لەم توێژینەوەیەدا زاراوەی (مۆرفۆفۆنێم)مان بەکارهێناوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەوانی کوردی لە ڕووی زاراوەوە.

**١ـ ١ـ ٣ گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان:**

هەموو گۆڕانێک کە لە زماندا ڕوودەدات بەپێی یاسا فۆنۆلۆژی و فۆنۆتاکتیکی ئەو زمانە دەبێت، کە توشی ئەو گۆڕانە دەبێت، واتە گۆڕانەکە بە یاسا و دەستوور ڕوودەدات، لە خۆوە بێ سەرە و بەرە و هەڕەمەکی نابێت، هەربۆیە چەند جۆرێک گۆڕان لە زمانی مرۆڤدا دەبینرێت و ئەم گۆڕانەش بە گۆڕانی ئاسایی لە زماندا دادەنرێت. (فتاح: ٢٠١١: ١١٩). هیچ زمانێک لە جیهاندا نییە کە تووشی گۆڕان نەبێت و خۆی لەم حاڵەتەدا بە دوور بگرێت و خۆی دەرباز بکات، بەڵام گۆڕانەکە بەپێی سروشتی زمانەکان دەگۆڕێت، هەندێک زمان گۆڕان بە خێرایی تێیدا ڕوودات، هەندێکی دیکەش بەهێواشی و لەسەرخۆ ڕوودەدات، چونکە گۆڕان لە زماندا دیاردەیەکی نەوەستاوە و بەردەوامە، ((بەڵام لەسەرخۆ و هەنگاو بە هەنگاوە، بۆیە


زۆرجار هەستی پێناکرێت و دەبێتە کردەیەکی سروشتی باوی زمانەکە)). (عەلی: ٢٠١٥: ٧٣). ئەو بۆچوونەش هەڵەیە کە دەڵێت گۆڕان زمان بەرەو نارێکی و هەڵوەشـــانەوە دەبات. بگرە گۆڕان زمان بەرەو پێشـــکەوتن دەبات، چونکە هەر زمانێک لە گۆڕان بکەوێت، ئەو زمانە زیاتر ترسی لەناوچوونی هەیە، بەڵام هەروەک وتمان دەبێت ئەم گۆڕانە بە یاسا و دەستوور رووبدات. هەربۆیە ئەم گۆڕانەش رۆڵێکی سەرەکی لە چۆنێتی پێکەوەهاتنی یاساکانی برگەکان و بزوێن و نەبزوێنەکاندا دەبینێت، (چونکە دوای ئەوەی لە رێگەی یاســـا فۆرفۆلۆژییەکانەوە مۆرفیمەکان خرانە پاڵیەک بۆ دروستکردنی یەکەی گەورەتر، زۆرجار سیستەمی فۆنەتیکی و دارشتنی برگە لە بەردەم بەدوایەکداهاتنی مۆرفیمەکان دەبنە رێگر، بۆیە رووبەرووی گۆڕان دەبنەوە). (حەمید: ٢٠١٥: ٦٢). لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی هاتنەکایەوەی دیاردە فۆنۆلۆژییەکان، لە چوارچێوەی یاسا، یان دیاردە فۆنۆلۆژییەکان، بۆ نموونە: دەنگ هەیە سیمای دەگۆڕێت، هەیە دەتوێتەوە، یان دەقرتێت، هەشـــە لەگەڵ دەنگی دیکەدا ئاوێتە دەبێت و دەنگی ســـێیەم دەهێنێتەکایەوە، ئەم گۆڕانەش کۆمەڵێک دیاردە دەهێنێتە ئەنجام کە بە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان ناسراون، هەر لەبەر ئەم هۆکارە زمانەوانان لە هەوڵی ئەوەدان کە هۆکاری گۆڕانکارییەکانی زمان بدۆزنەوە.

ڕیزکردن و خەســتنە پاڵیەکی مۆرفیمەکان، دەبێتە هۆی دروســتبوونی جیاوازی دەنگی و دیاردە و گۆڕانە دەنگییەکان، دەشـێت ئەم گۆڕانە ببێتە هۆی تەقینەوە و جێبەجێکردنی دیاردە و گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان، زۆربەی کاتیش ئەو دیاردانە دەبنە هۆی هاتنەکایەی پەیوەندی نێوان ئاستەکان و دیاردە (مۆرفۆفۆنیم)ەکان، لە چوارچێوەی دیاردە فۆنۆلۆژییەکاندا. هەربۆیە سەرەتا پێویستە دیاردە فۆنۆلۆژییەکان بخرێتەڕوو، دواتر لە دیاردە و جۆری گۆڕانەکە بدوێین، چونکە (زۆر کات دیاردەیەک دەبێتە هۆی خستنەکاری یاسایەک، پاش شیکردنەوەی لایەنی فۆنۆلۆژی ئەوە دەردەکەوێت، کە چۆن ئەو دیاردەیە خۆی لەگەڵ یاســـا فۆنۆلۆژی و فۆنەتاکتیکییەکانی زمانەکە گونجاندووە). (ئەحمەد: ٢٠١٠: ٦٦).

**١ـ ٢ دیاردە مۆرفۆلۆژییەکان:**

دیاردە، یان پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکان ئەو دیاردانەن، کە بەهۆیەوە وشەی نوێ دادەڕێژرێت، یان دروستدەکرێت. دیاردە مۆرفۆلۆژییەکان لە زماندا بەشێوەیەکی گشتی لەهەردوو دیاردەی

مۆرفۆلۆژی (ســازدان) دارشــتن Derivational morphology و مۆرفۆلۆژی (گەردانی) ڕێزمانی Grammatical morphology پێکدێت، بەم شێوەیە:



**(هێڵكاری ژماره (١): نەخشەی دابەشكردنی جۆرەكانی مۆرفۆلۆژی).**

**١- ٢- ١ مۆرفۆلۆژی (سازدان) دارشتن Derivational morphology:**

بریتییە لەو مۆرفێمانەی كە دەچنە سەر مۆرفێمێكی تەوەرەیی، واتایەكی نوێ بە پێكهاتەكە دەبەخشێت و چەمكی مۆرفێمە سەرەكییەكە دەگۆڕێت بۆ چەمكێكی دیكە، واتە مامەڵە لەگەڵ ئەو وشانەدا دەكرێت كە ئەركی ڕێزمانیان نییە، بەڵكو لێكۆڵینەوە لە خودی وشەكە دەكرێت، كەواتە ئەم لقەیان بریتییە لە گرنگرین ئەو دیاردە و ڕێگەیانەی كە لە چۆنیەتی پێكهاتن و دروستبوونی وشەكانی ئەمڕۆی زمان دەكۆڵێتەوە، كە وشەی نوێ بە واتای نوێ بۆ دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان بەرهەمدەهێنێت، واتە ئەو مۆرفۆلۆژییەیە كە ((بواری چالاكییەكەی ڕێگاكانی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمانە بە تایبەت دارشتن و لێكدان وەك دوو ڕێگای سەرەكی دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگی زمان دەڕوانێت)). (عبدالرحيم: ٢٠١٦: ٣٦٤). بەهۆی ((پێشگر prefixes و پاشگر suffixes و ناوگرەوە infix پۆلێدەكرێن و لە فەرهەنگدا تۆماردەكرێن، كە خۆیان بە تەنیا واتایان نییە و ناچنە ناو فەرهەنگی ئاوەزییەوە، لەگەڵ مۆرفێمە ئازادەكان دێن و وشە و زاراوەی نوێ)). (عەلی: ٢٠١٥: ٧٣). لە ئاستی مۆرفۆلۆژی و فەرهەنگسازیدا دروستدەكەن و ڕۆڵی بەرچاویان لە دەوڵەمەندكردنی زمان لە ڕووی زاراوەوە هەیە، وەك:

- ئاش+ **چی**= ئاش<u>چی</u>، بارگە+ **چی**= بارگە<u>چی</u>.

- باز+ **دا**= باز<u>دا</u>.

- پوخت+ **ە**= پوخت<u>ە</u>.

مۆرفێمەكانی (سازدان) دارشتن، بە تایبەت پاشگرەكان لە بنەڕەتدا وشەی سەربەخۆ بوونە، بەڵام بە (تێپەڕبوونی كات و بەكارهێنان هەندێكیان لێ ساواوە و بەرە بەرە فۆرمی تازەیان وەرگرتووە). (حاجی مارفC: ٢٠١٤: ٥٣ــــ ٥٤). بەهۆی ئەو گۆڕانە زمانییەی كە بەسەریاندا هاتووە، بۆیە تەنیا واتاكانیان لەگەڵ ئەو وشانەدا دێت كە دەچنە پاڵیان و هەڵیاندەگرن.

**١- ٢- ٢ مۆرفۆلۆژی (گەردانی) ڕێزمانی Grammatical morphology:**

(گەردانی) ڕێزمانی بریتییە لەو دیاردە مۆرفۆلۆژییانەی كە (شێوە جۆراوجۆرەكانی وشەیەك دەخاتە بەردەست، مەبەست لە شێوە جۆراوجۆرە ڕێزمانییەكانە، واتە مۆرفۆلۆژی گەردانیكردن پەیوەندییە ڕێزمانییەكانی وشە ڕووندەكاتەوە). (عبدالرحيم: ٢٠١٦: ٣٦٤). كەواتە ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئەو وشانەدا دەكات، كە پەیوەندییان بە ئەركی ڕێزمانییەوە هەیە، هەموو مۆرفێمە ڕێزمانییەكان لە زمانی كوردیدا دەچنە خانەی مۆرفۆلۆژی (گەردانی)

ڕێزمـانی، چونکە واتـای تەوەرەیی بنەڕەتی وشـــەکە نـاگۆڕێـت، بەڵام (دۆخێکی تـازەی پێدەبەخشـێت. واتە، هەمان واتا بنچینەییەکەی وشـەکە کە لە فەرهەنگدا هەیە ناگۆڕێت، بەڵام بەهۆی پاشـــگر یان پێشـــگرەکان وردە واتایەکی ڕێزمانی دەخرێتەســـەر کە دۆخێکی تازەی پێدەبەخشـێت). (ڕەسـوول ـــــ ڕێژنە: ١٣٩٨: ٢٥١). کەواتە لە مۆرفۆلۆژی (گەردان)یدا (لەگەڵ هەندێک وشـە مامەڵە دەکەین کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ئەرکی ڕێزمانییەوە هەیە. لەم بەشدا هەوڵدەرێت ئەو گۆڕانکاریانەی کە بەسەر وشەدا دێت بەهۆی ئەرکی ڕێزمانییەوە شیبکرێتەوە و بچەســـپێنرێت)، (ســـەعید: ٢٠١٣: ٧). کەواتە مۆرفۆلۆژی (گەردانی) ڕێزمانی دیاردەیەکی سـینتاکسـیە، کە بەهۆیانەوە فۆرمەکانی لێکسـیمێک لە قەدە فەرهەنگییەکەوە پێکدەهێنرێت، بەم شێوەیە:

ـ گوڵ+ ێ= گوڵێ (گوڵێک).

ـ نشتەِ (نیشتن)، (چاوگ)، نشت (قەدی چاوگ) ← بنشتەِ بنشدێ.

ـ کناچە+ **ەکە**= کناچەکە (کچەکە).

جیاوازی دیاری نێوان هەردوو لقەکەی مۆرفۆلۆژی ئەوەیە، مۆرفۆلۆژی دارشتن دەتوانێت فەرهەنـگ دەوڵەمەنـد بکـات و وشـــە و زاراوەی نوێ بەرهەمبهێنێـت، بەڵام مۆرفۆلۆژی گەردانیکردن شـــێوە جیاوازەکانی وشـــە دەخاتە بەردەســـت، ((بەڵام ئەگەر ماوەیەکی زیاتر مۆرفێمە ڕێزمـانییەکە لەگەڵیدا بێت، ئەوە دەبێتە بەشـــێـک لە وشـــەکە و بەم پێیە دەتوانێت فەرهەنگ دەوڵەمەند بکات)). (عبدالرحیم: ٢٠١٦: ٣٦٥). بەم شێوەیە:

ـ دارە سووتاوەکە.

ـ سەهۆڵەکە.

ئەگەر ســـەرنج لەم دوو وشـــەیە بدەین دەبینین، کە پێکهاتووە لە وشـــەیەک و نیشـــانەیەکی ناسـراوی نیشـانە ناسـراوێکە بۆتە بەشـێک لە وشـەکە، کە ناتوانرێت لێی جیابێتەوە، ئەمەش وا دەکات لە هەندێک حاڵەتدا مۆرفێمی ڕێزمانی ببێتە هۆکاری دروســـتبوونی وشـــەی نوێ و فەرهەنگی پێ دەوڵەمەند بکرێت، بەڵام ئەم حاڵەتە بە کەمی دەبینرێت.

**١ـ ٢ـ ٢ـ ١ مۆرفێمی بەندی ناسراوی:**

چەمکی ناســراوی کردەیەکی زمانییە، کە دەشــێت لە مۆرفێمێک یان زیاتر لە مۆرفێمێک پێکبێت لە چوارچێوەی فرێز و ڕستەدا باری ڕێزمانی دەگۆڕرێت، ناسـراوی ئەو نیشـانەیەیە، کە بە دوای ناو، یان ئاوەڵناوەوە دەلکێنرێت، بەڵام لەگەڵ ناودا چالاکترە، بە تایبەتی لەگەڵ ناوی گشـتی کاتێک ناسـراو دەکرێت بە لای قسـەکەر و گوێگرەوە، ئاشـکرا دەبێت. هەرچی لەگەڵ ناوی تایبەتیشدایە ناتوانێت خۆی بنوێنێت. (حاجی مارفA: ٢٠١٤: ١٩٧). بەم پێیە نیشانەی ناســراوی (بریتییە لە ئاشــکراکردنی، یان دەرخســتنی ناوێکی گشــتی لەناو پۆلەکەیدا، بەپێی تایبەتێتی جیاکەرەوەی خاوەن ناو، کە پێشتر قسـەکەر و گوێگر دەیزانن، ئەم کردەیە ناوی تاک

و كۆ دەگرێتەوە). (قادر: ٢٠٠٣: ٢٨). نیشانەی ناسراوی لە زمانی كوردیدا بچێتە سەر هەر ناوێک، ئەو ناوە وەک تاک نیشاندەدات، هەرچەندە جاروبار دەخرێتە سەر ناوی كۆ.

كردەی ناسراوی لە (ش. م)دا لە ڕێگەی هەریەكە لە مۆرفێمەكانی **(ـ ەكە، ـ ە)**ی (مۆرفێمی بەند و هەم لە ڕێگەی مۆرفێمی سەربەخۆشەوە دەگەیەنرێت، هەریەكەیان سنووری ژینگەی تایبەتی خۆی هەیە). (خۆشناو: ٢٠١٦: ٢٤٩). پەیوەست بە توێژینەوەكەمان تەنیا كار لەسەر مۆرفێمە بەندە ڕێزمانییەكان دەكەین، چونكە وەک ڕێگایەكی بنەڕەتی بۆ گەیاندنی چەمكی ناسراوی بەكاردێت. لەناو مۆرفێمە بەندەكانیشدا ئەوەی مەبەستمانە مۆرفێمەكانی **(ـ ک، ـ ە)**یە، وەک كەرەستەیەكی مۆرفۆفۆنێمی ئاماژەی پێدەكرێت، چونكە هەردوو ئاستە زمانییەكە (مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) لەخۆدەگرێت، بەم شێوەیە:

أ- ژەن+ **ە**= ژەنە (ژنەكە). ب ـ كناچە+ **ک**+ ان= كناچەكان (كچەكان).

ـ گورگ+ **ە**= گورگە (گورگەكە). ـ كوڕە+ **ک**+ ان= كوڕەكان (كوڕەكان).

ـ شێر+ **ە**= شێرە (شێرەكە). ـ یانە+ **ک**+ ان= یانەكان (ماڵەكان).

ـــ هەر+ **ە**= هەرە (كەرەكە). ـــ هەستارە+ **ک**+ ان= هەستارەكان (ئەستێرەكان).

ـ سیاو+ **ە**= سیاوە (ناساندنی شتێكی ڕەش). ـ واڵێ+ **ک**+ ان= واڵێكان (خوشكەكان).

لە نموونەكانی (ب)دا ئەوە دەردەكەوێت، كە هەردوو فاكتەری فۆنۆلۆژی و ڕێزمانی وایان لە مۆرفێمی **(ـ ەكە)**ی ناسراوی كردووە، تەنیا لە شێوەی ئەلەمۆرفی **(ـ ک)** بمێنێتەوە، كەواتە دەتوانین بڵێین، ئەلەمۆرفی **(ـ ک)** هەڵگری چەمكی ناسراوییە.

هەندێكجار مۆرفێمی **(ـ ەكە)** و **(ـ ە)** بە ژینگە جیا ناكرێنەوە، چونكە دەشێت هەردووكیان لەگەڵ هەموو ناوێكدا بێت، بەم شێوەیە:

ـ شێرە ئاما    شێرەكە ئاما (شێرەكە هات).

ـ گورگە لوا    گورگەكە لوا (گورگەكە ڕۆیشت).

ئەگەر لە نموونەكانی سەرەوە وردبینەوە دەبینین، كە هەریەكە لە مۆرفێمەكانی **(ـــ ەكە)** و **(ـــ ە)** لە بری یەكتر هاتوون و توانیویانە شوێنی یەكتر بگرنەوە، ئەمە لە كاتێكدایە كە جێناوی نیشانە لە پێشی نەبێت، بەڵام هەر كاتێک جێناوی نیشانە لە پێشیدا بێت، ئەوە ناتوانن شوێنی یەكتر بگرنەوە، بەم شێوەیە:

ـ ئا ژەنە هە گرەوێ (ئەو ژنە هەر دەگریا).

لە زمانی كوردیدا مۆرفێمەكانی **(ـــ ەكە، ـــ ە)** مۆرفێمی ناسراوین، بەهەمان شێوە لە (ش. م)شدا هەمان نیشانەیان هەیە، ئەم مۆرفێمانە لە دوای ئەو وشانەدا دێن كە كۆتاییان بە نەبزوێن

هاتووە، بەلام ئەگەر وشــەیەک کۆتایی بە بزوێن هاتبوو ئەوە، یان بزوێنی بنکە تیادەچێت، یان بزوێنی مۆرفیمەکە، وەک:

- کوڕە (کوڕ)+ **ە**= کوڕە (کوڕە).

- هەستارە (ئەستێرە)+ **ە**= هەستارە (ئەستێرە).

- کناچە (کچ)+ **ەکە**= کناچەکە (کچەکە).

- یانە (ماڵ)+ **ەکە**= یانەکە (ماڵەکە).

- واڵێ (خوشک)+ **ەکە**= واڵێکە (خوشکەکە).

لە وردبوونەوە لەو نموونانەی ســــەرەوەدا ئەوە دەردەکەوێت، کە لە هەموو وشــــەکاندا مۆرفیمی **(- ە)**ی ناسراوێکە تیاچووە لە بەرانبەر دوا دەنگی بنکەکە، چونکە خودی وشەکان بە دەنگی بزوێنی **(ە)** کۆتاییان هاتووە.

**١- ٢- ٢- ٢ مۆرفیمی بەندی نەناسراوی:**

بێگومـان هەر زمـانە و بە گوێرەی یاســـا و دەســـتووری تـایبەتی خۆی مـامەڵە لەگەڵ نیشـانەکانی دەکات و بە کۆتایی، یان بە پێشـی وشـەوە دەلکێت. دەربارەی نیشـانەی نەناسراوی لە زمــانی کوردیــدا ئەوەیە، ئەم مۆرفێمە هەڵگری چەمکێکی ڕێزمــانییە، ((بریتییە لە سنورداركردن یان ئاشـكرانەكردنی ناوێک لەناو كۆمەڵە ناوێكی گشـتی)). (حەمید: ٢٠١٥: ٧١). گۆڕینی باری ڕێزمانی ناوە لە پێکهاتەی فرێز و ڕستەدا، واتە نەناسراوی ((مۆرفیمێکی بەندی ڕێزمانییە دەچێتە كۆتایی فرێزە ناوییەكە و ئەركی دیاریكردنی ئاشـكرانەكراوە دەبەخشێت بەو فرێزە نـاوییەی كە دەچێتەســــەری)). (توفیق: ٢٠١٢: ١٠٨). واتە ئەم مۆرفێمە بەشــــداری لە دروستەی ناوەوەی فریزی ناوی دەکات و دەچێتە پاش سەرەی فرێزەکە و دەیکاتە ناوێکی تاکی نەناســراو، (تایبەتێتیی نیشــانەی نەناســراویی زمانی کوردی لەوەدایە، کە جگە لە نەناســراوی تاکایەتیش نیشــاندەدات). (حاجی مارفA: ٢٠١٤: ٢١٢). بەم پێیە دەتوانین بڵێین ئەم نیشــانەیە دوو ئەرکی هەیە، هەم نەناسراوی، هەم تاکێتی، (نیشـانەی نەناسراوی لەو کاتانەدا بەکاردێت کە لە شتێك، یان كەسێكی نەناسراو دەدوێن، بۆ جیاكردنەوەی شتێك، یان كەسێک لە نێوان كۆمەڵێكی وەک خۆیدا). (دەلۆ: ٢٠٢١: ٧٠). گۆمانی تێدا نییە کە ئەم نیشــانەی نەناســراوییە لە (د. ن)دا لە ڕێگەی مۆرفێمی ڕێزمانی **(ـــــ ێک)**ەوە ئەنجام دەدرێت، بەڵام بەهۆکاری فۆنۆلۆژی، یان بە هۆکاری شێوەزاری ئەم نیشانەیە بە چەند شێوەیەکی دیکە خۆی دەنوێنێت، وەک **(ـ ێک، ـ ێ، ـ یەک، ـ ەک)** کە لە هەموو بارودۆخەکاندا هەر ئەلەمۆرفی نەناسراوی دەگەیەنێت، بۆ نموونە **(ـــــ یەک)** دەچێتە پاڵ ناوێک کە بە دەنگی بزوێن کۆتایی بێت، بەڵام **(ـــــ ێک، ێ، ەک)** بە ناوێکەوە دەلکێن کە بە دەنگی نەبزوێن کوتاییان هاتبێت و هەرگیز شــــوێنەکانیان ناگۆڕنەوە. (فەتاح ــــــ ســــەباح: ٢٠٠٦: ١٩). لەبەرئەوەی ژمارەی نەبزوێنەکان لە زماندا زیاتر لە چاو بزوێنەکانەوە (بۆیە ســــنووری بەکارهێنانی ئەم مۆرفێمەش لە مۆرفێمەکانی دیکە زیاترە، هەر ئەمەش وایکردووە زمانەوانەکان بە پشت بەستن بە پێوەری زۆرترین بەکارهێنان، مۆرفێمی **(-**

**ێک)** بە مۆرفیمی سەرەکی چەمکی نەناسراوی دابنێین و مۆرفیمەکانی دیکە وەک ئەلەمۆرفی ئەو مۆرفیمە سەیربکرێت). (حەمید: ٢٠١٥: ٧٢). بەم شێوەیە:

- پیاو+ **ێک**= پیاوێک.

- مانگا+ **یەک**= مانگایەک.

- کچ+ **ێ**= کچێ.

دەبینین بەپێی دوا دەنگی ناوەکە، مۆرفیمی نەناسراوی شێوەی دەگۆڕێت، هەروەک لە نموونەکانی سەرەوەدا دیارە، بەڵام هەموویان ئەلەمۆرفی **(ـ ێک)**ن.

ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکەمانە، ئەنجامدانی نیشانەی نەناسراوەیە لە ڕێگەی مۆرفیمی بەندەوە بەپێی ئەو نموونانەی خوارەوە بێت، ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی نەبزوێن هاتبێت، ئەوە تاکە مۆرفیمی بەند لە (ش. م)دا کە نیشانەی نەناسراوی بگەیەنێت مۆرفیمی بەندی **(ـ ێ)**یە، واتە بەهیچ شێوەیەک مۆرفیمی **(ـــ ێک)** و ئەلەمۆرفەکانی وەک نیشانەی نەناسراوی بەکارنایات، ئەم نیشانەیە ((نەناسراویە لە دوای ناوەوە دێت و چەمکی نەناسراوی دەگەیەنێت)). (شریعت: ١٣٧٠: ٢٢١). نیشانەی نەناسراوی هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی فرێزەکەوە، تاڕادەیەکی زۆر شوێنێکی چەسپاو و جێگیری هەیە، بەم شێوەیە:

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: ژەن+ **ێ**= ژەنێ (ژنێک).

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: مانگاو+ **ێ**= مانگاوێ (مانگایەک).

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: هەر+ **ێ**= هەرێ (کەرێک).

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: ئایل+ **ێ**= ئایلێ (منداڵێک).

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: وەیف+ **ێ**= وەیفێ (بووکێک).

بەڵام ئەگەر ناوەکە بە دەنگی بزوێن کۆتایی هاتبێت ئەوە نیشانەی نەناسراوی مۆرفیمی بەندی (ـ یە)یە، بەم شێوەیە:

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: کوڕە+ **یە**= کوڕەیە (کوڕێک).

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: یانە+ **یە**= یانەیە (ماڵێک).

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: سپە+ **یە**= سپەیە (سەگێک).

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: کناچە+ **یە**= کناچەیە (کچێک).

- ناو+ نیشانەی نەناسراوی، بەم شێوەیە: واڵێ+ **یە**= واڵێیە (خوشکێک).


ئەوەی تێبینی کراوە لە (ش. م)دا نیشانەی نەناسراوی مۆرفیمی **(ــ ێ)**یە، ئەگەر ناوەکە بە دەنگی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، بەڵام ئەگەر بە دەنگی بزوێن کۆتایی هات ئەوە مۆرفیمی **(ـ**

**یە)** لە کۆی هەموو ئەو نموونانەی، کە وەرمانگرتووە، نیشانەی نەناسراوی **(ـــ ێ، ـــ یە)**، ئەمەش وادەکات جیاوازی ڕێزمانی لە زۆر ڕووەوە لە نێوان دیالێکت و شێوەزارەکاندا دروستبکات، بەڵام لە ژێر چەتری یەک زماندا کۆدەکرێنەوە.

**١. ٢. ٢. ٣ مۆرفیمی بەندی دانەپاڵ (خستنەسەر):**

لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی بەندی دانەپاڵ (خستنەسەر) بەو مۆرفیمانە دەوترێت کە دیارخەر و دیارخراو وەک دوو بەشی سەرەکی بەهۆی مۆرفیمێکەوە بە یەکەوە دەبەستێت و پەیوەندی وەسفی و خاوەنێتی و چۆنێتی... نێوانیان نیشاندەدات. (حاجی مارفA: ٢٠١٤: ٢٣٥). لە (د. ن) و (ش.م)دا مۆرفیمەکانی بەندی دانەپاڵ بریتین لەمانەی خوارەوە:

**م. بەندی دانەپاڵ (خستنەسەر)**




**(هێڵکاری ژمارە (٢): نەخشەی مۆرفیمەکانی دانەپاڵ لە (د. ن) و (ش. م)دا).**

مۆرفیمەکانی **(ـ ی، ـ ە)** نیشانەی دانەپاڵن و هەمیشە بە دیارخراوەوە دەلکێن، (هەر یەکێک لەم مۆرفیمانە، لە ڕووی فۆرم و شێوێنی بەکارهێنانەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، لە دەوروبەری فۆنۆلۆژی جیاواز بەکاردەهێنرێن)، (حەمید: ٢٠١٥: ٧٤). بەم شێوەیە:

مۆرفیمی **(ـــ ی)**، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەم مۆرفیمە ئەوەیە، کە (خاوەنداریی و پەیوەندییەکی خاوەنداریی دەردەبڕێت و دۆخی ڕێزمانی خستنەپاڵیش لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست بە فرێزی ناوی دەدات). (مەعروف: ١٠١٠: ٤٥). واتە ئەرکی دانەپاڵ دەبینێت، دەچێتەسەر ناوە دیارخراوەکە و دەیبەستێتەوە بە دیارخەرەوە، بەم شیوەیە:

- کناچە+ **ی**+ جوان= کناچە<u>ی</u> جوان (کچی جوان).

- کوڕە+ **ی**+ باش= کوڕە<u>ی</u> باش (کوڕی باش).

- سپە+ **ی**+ سیاو= سپە<u>ی</u> سیاو (سەگی ڕەش).

- سپە+ **ی**+ هار= سپە<u>ی</u> هار (سەگی هار).

- یانە+ **ی**+ چۆڵ= یانە<u>ی</u> چۆڵ (ماڵی چۆڵ).

مۆرفیمی **(ـــ ە)**ی دانەپاڵ لە ڕووی چالاکییەوە، بە بەراورد بە مۆرفیمی ڕێزمانی **(ـــ ی)** دانەپاڵ، لە دروستکردنی پەیوەندی نێوان دیارخەر و دیارخراوی فرێزی ناویدا، مۆرفیمێکی بەرهەمدار نییە، چونکە لە سنوورێکی بەرتەسکدا کاردەکات. (مستەفا: ٢٠١٩: ٨٢). مۆرفیمی **(ـ ە)** بەهەمان شێوەی مۆرفیمی **(ـــ ی)** ئەرکی دانەپاڵ دەبینێت، بەڵام لە بەکارهێنان و گەیاندنی واتادا هەندێک جیاوازی هەیە، (بەوەی سەرەی فرێزی ناوی لە پاشەوە بە کۆمەڵێک کەرەستەی ڕێزمانی فراواندەکات، بەمەش ڕۆڵی بەستنەوەی دیارخەرەکانی پاش سەرە بە ناوەکەوە

دەبینێت)، (برزۆ: ٢٠١٠: ١٠٩). ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر ناوەکە بە دەنگی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، پێویستە دیارخراوی ئەم جۆرە فرێزە ناوێکی ناسراو بێت و دیارخەرەکەشی ئاوەڵناوی چۆنێتی بێت، بەم شێوەیە:

ـ ئایل+ **ە+** چەرم+ ەکە= ئایلـِ چەرمەکە (منداڵە سپییەکە).

ـ کەیل+ **ە+** بەرز+ ەکە= کەیلـِ بەرزەکە (خانووە بەرزەکە).

ـ زمستان (زمسان)+ **ە+** سەرد+ ەکە= زمستانـِ (زمسانـِ) سەردەکە (زستانە ساردەکە).

ـ گۆم+ **ە+** قویل+ ەکە= گۆمـِ قویلەکە (گۆمە قوولەکە).

ـ کوڵاژدم+ **ە+** سیاو+ ەکە= کوڵاژدمـِ سیاوەکە (دووپشکە ڕەشەکە).

یەکێکی دیکە لەو مۆرفێمانەی کە ڕۆڵی دانەپاڵ دەبینێت مۆرفێمی **(∅)**ە، واتە لە هەندێک باردا مۆرفێمی دانەپاڵی **(ــ ە)** بە هۆکاری فۆنۆلۆژی دەرناکەوێت و شێوەی فیزیکی نامێنێت و فۆرمەکەی دەبێت بە **(سفر)**. (بڕوانە: خۆشناو: ٢٠١٦: ٢٨٢). بەم شێوەیە:

ـــ بار∅ زل پەی کۆڵ∅ حوشتر باشەن (بار<u>ی</u> گەورە بۆ کۆڵ<u>ی</u> حوشتر باشە). (کاکەیی زادە: ٢٠٠٧: ١١١).

ـــ بیلە کەوەی یانەی یۆم، چە گۆشت و پڵاو∅ خەڵک باشترەن (خۆڵەمێشی ماڵی خۆم، لە گۆشت و پڵاو<u>ی</u> خەڵکی باشترە). (کاکەیی زادە: ٢٠٠٧: ١١٦).

ـ سەر∅ بێ دەلاک مەتاشۆ (سەر<u>ی</u> بێ دەلاک دەتاشێت). (کاکەیی زادە: ٢٠٠٧: ١٥٧).

ـــ سرکە تورش بۆ، زەرەرش وە قاپ∅ یۆش هەنەن (سرکە تورش بێت، زیانی بە قاپ<u>ی</u> خۆی هەیە). (کاکەیی زادە: ٢٠٠٧: ١١٧).

ـ چە ئاو∅ مەن بتەرسە (لە ئاو<u>ی</u> مەن بترسە). (کاکەیی زادە: ٢٠٠٧: ١٢٥).


لەکاتی ئاخاوتندا هەندێکجار مۆرفێمی **(سفر)**ی دانەپاڵ دەردەکەوێت، وەک لەو پەندانەی سەرەوەدا خراوەتەڕوو.

**١ـ ٢ـ ٢ـ ٤ مۆرفێمی بەندی نیشانەی بانگکردن:**

لە بەشەکانی ئاخاوتندا مۆرفێمەکانی بانگکردن سەر بە مۆرفێمی ئەرکییە لە ڕیزی مۆرفێمە سەربەخۆکاندایە و بە بەشێک لە بەشەکانی ئاخاوتن، یان نیشانەی (سەرسوڕمان) دادەنرێت، (بۆ جیاکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی ناوێک، (گشتی بێت یان تایبەتی)، بەکاردەهێنرێت. لە زۆربەی زمانەکاندا وەک دیاردەیەکی ڕێزمانی هەست بە بوونی دەکرێت، کە بە زۆری لە ڕێگەی ئامرازی تایبەت دەبێت، یان مۆرفێمێکەوە ئەنجامدەدرێت). (خۆشناو: ٢٠١٦: ٢٩٣). هەندێکجاریش وەک گیرەکی وشەدارێژ ڕەفتار دەکەن و ناوی نوێ دادەڕێژن، یان تەنیا ناوی کەسی بچووکدەکەنەوە، هەموو ئەو مۆرفێمانەش بەشێکن لە مۆرفێمی ئەرکی لە دەرەوەی ڕستەدا واتا نابەخشن.

لە زمانی کوردیدا دوو کۆمەڵە مۆرفێم هەن، کە تایبەتن بە بانگکردن، بەهۆیانەوە ڕستەی بانگکردن پێکدێت، بانگکردن ڕێڕەوێکە پەیڕەو دەکرێت بۆ بانگکردنی کەسێک، یان بۆ وریاکردنەوەی لە کارێک، کە قسەکەر دەیەوێت پێی ڕابگەیەنێت بەهۆی بەکارهێنانی هەندێک مۆرفێمەوە، کە پێیان دەوترێت مۆرفێمەکانی بانگکردن. (فەرهادـ شلێر: ٢٠٠٩: ١٢٦). هەریەک لەو مۆرفێمانە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەشێکی سەربەخۆن، وەک: (هۆ، ئادەی، ئای، ئەی، ئەرێ... هتد)، بەشەکەی دیکەش مۆرفێمی بەندن، کە لەم مۆرفێمانە پێکدێت، وەک: **(ە/ ۆ، ێ، ینە، ∅)**. ئەوەی پەیوەندی بە توێژینەوەکەی ئێمەوە هەبێت، ئەو مۆرفێمە بەندانەن، کە لە (ش. م)دا بۆ بانگکردن بەکاردێت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە، بەم شێوەیە:

**م. بەندی بانگکردن**




**(هێڵکاری ژمارە (٣): نەخشەی مۆرفێمەکانی بەندی بانگکردن لە (ش. م)دا).**

هەریەکێک لەم مۆرفێمانە جگە لەوەی کە بۆ بانگکردنی کەسێک بەکاردێت، لەهەمان کاتدا هۆکارێکن بۆ هاتنەناوەوەی دیاردەی مۆرفۆفۆنێمی، جگە لە مۆرفێمی **(ـــــ گەل)** کە بۆ بانگکردنی کۆ بەکاردێت، بەم شێوەیە:

مۆرفێمی **(ـــ ە)**ی بانگکردن لە (ش. م)دا یەکێکە لەو مۆرفێمانەی کە شوێنەواری دۆخی تێدا ماوە، لە دۆخی بانگکردندا دەچێتە سەر ناوی ڕەگەزی نێر، هەندێکجار بۆ ڕەگەزی مێش بەکاردێت. (تاهیر: ٢٠٢٠: ١٠٥). وەک:

ـ کاک+ **ە**= کاکە.

ـ مام+ **ە**= مامە.

ـ باوک+ **ە**= باوکە، یان: باوە.

ـ دایک+ **ە**= دایکە، یان: دایە.

مۆرفێمی **(ـــ ۆ)**[١] ی بانگکردن لە هەندێک دیالێکت و شێوەزارەکانی زمانی کوردیدا ئەم مۆرفێمە بۆ مەبەستی بانگکردن بەکاردێت، هەروەها لە (ش. م)شدا بە مەبەستی بانگکردنی ڕەگەزی نێر بەکاردێت، وەک:

ـ هاڵ+ ۆ= هاڵۆ.

ـ مام+ ۆ= مامۆ.

لە (ش. م)دا تەنیا دوو مۆرفێم هەیە، کە شوێنەواری دۆخی تێدا مابێت، ئەوانیش مۆرفێمەکانی **(ـ ە، ـ ۆ)**ە.

مۆرفێمی **(∅)**ی بانگکردن بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێت، ئەم مۆرفێمە لەو کاتەدا دێت کە ناوەکە بە دەنگی بزوێن کۆتایی هاتبێت، بۆیە ناوەکە هیچ وەرناگرێت وەک خۆی دەمێنێتەوە و مۆرفێمەکە یەکسان دەبێت بە سفر، بەم شێوەیە:

ـ برا+ ∅= برا∅.

ـ واڵێ+ ∅= واڵێ∅ (خوشکە).

ـ زاوا، یان زاما+ ∅= زاوا∅، یان زاما∅.

ـ کوڕە+ ∅= کوڕە∅[٢] (کوڕە).

ـ کناچە+ چە= کنا[٣]∅ (کچەکە).

مۆرفێمی **(ـ گەڵ)**[٤] ی بانگکردن لە (ش. م)دا بۆ هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ بەکاردێت لە حاڵەتی کۆدا، وەک:

ـ کوڕە+ **گەل**= کوڕە گەل (کوڕینە).

ـ کناچە+ **گەل**= کناچە گەل (کچینە).

ـ برا+ **گەل**= برا گەل (براینە).

ـ واڵێ+ **گەل**= واڵێ گەل (خوشکینە).

ـ ئایل+ **گەل**= ئایل گەل (منداڵینە).

مۆرفێمی **(ـ گەل)**، (یەکێکە لەو مۆرفێمانەی کە لە یەککاتدا دوو چەمکی تێدا کۆبووەتەوە)، (خۆشناو: ٢٠١٦: ٢٩٦). ئەوانیش چەمکی بانگکردن و نیشانەی کۆیە.

**١ـ ٢ـ ٢ـ ٥ ئەسپێکت:**

لە زماندا ئەسپێکتەکان پەیرەوێکی داخراون و لەگەڵ کارەکاندا دێن، واتە بە دیاردەی دیاریکردنی ماوەی ڕوودانی کار لە ئێستا و ڕابردوو و ڕانەبردوو دەگوترێت ئەسپێکت، مەبەست لە ماوە: سەرەتا و کۆتایی، تەواوبوون و تەواونەبوون، یان درێژە کێشان دەگرێتەوە، ئاشکرایە ڕوودان و کارکردن سەرەتا و دەسپێکردنی هەیە، دەشێت تا کاتی گوتن تەواوبوبێت، یان تەواونەبووبێت، خاڵی گرنگ ئەوەیە کە ئەسپێکت ماوەی ڕوودانی کارەکە دیاریدەکات. (قادر: ٢٠٠٣: ٦٣). ئەم دیاریکردنەی ماوەی ڕوودانی کاتە بە مۆرفێمەکانی (ئەسپێکتەکان) سپێردراون، واتە مۆرفێمەکانی دەمکات ساتی ڕوودانی ڕووداوێک دەنوێنن و دەیخەنەڕوو، (مستەفا: ٢٠١٩: ١١٠). کەواتە دەتوانین بڵێین کە زاراوەی ئەسپێکت هەڵگری چەمکی کاتە، بەشێوەیەکی گشتی، لە زمانی کوردیدا ئەسپێکتەکانی کار لە ڕێگەی چەند مۆرفێمێکی بەندەوە نیشاندەدرێت، وەک چەمکیش، ئەسپێکت دیاردەیەکی ڕێزمانی کارە، ماوەی ڕوودانی کارەکە دیاریدەکات، یان ماوەی کاتی کارەکە و ئێستا و ڕابردوو و ڕانەبردوو نیشاندەدات، مۆرفێمە بەندەکان لە نیشاندانی ئەم چەمکەی کار ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. (خۆشناو:

٢٠١٦: ٢٨٤). لە توێژینەوەکەماندا تەنیا باسی ئەو مۆرفیمە بەندانە دەکەین، کە لە (ش. م)دا ئەسپێکتن و مۆرفۆفۆنێم دروستدەکەن، بەم شێوەیە:

**١- ٢- ٢- ٥- ١ ئەسپێکتی (مە):**

ئەسپێکتی (مە) بریتییە لە ئەسپێکتی ڕێزمانی بەردەوام، کە کاتی ڕوودانی کار دەگەیەنێت، (واتە ڕووکاری ڕابردووی بەردەوام، ئەو ڕووکارەیە، کە ڕوودانێک ڕادەگەیەنێت، لە ڕابردوو دەستپێکردووە، بەڵام تا دەمی ئاخاوتن ڕووداوەکە بەردەوامییەتی هەیە، واتە گێرانەوەی ڕووداوە، کە لە ڕابردوودا دەستپێکردووە، بەڵام ڕووداوەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە)، (مستەفا: ٢٠١٩: ١١٢). بۆ نموونە ئەگەر خوێندکارێک لە کاتژمێر (٨)ی بەیانی بچێت بۆ قوتابخانە، تا کاتژمێر (٣٠: ١٢) لە قوتابخانە بێت، کەسێک لە کاتژمێر (١١)دا باوکی خوێندکار ببینێت، لێی بپرسێت کوڕەکەت چیدەکات؟، لە وەڵامدا دەڵێت من لە ماڵ دەرچووم لە قوتابخانە بوو، واتە دیاردەکە باس لە بەردەوامی کارێک دەکات.

لە (ش. م)دا هەمیشە لە بری ئەسپێکتی **(دە/ ئە)** ئەسپێکتی **(ـــ مە)** بەکاردەهێنرێت، پێش ڕەگی کاری ڕانەبردوو دێت و سەرەتای دەستپێکردنی کارەکە نیشاندەدات، بەم شێوەیە:

**ـــ ئەسپێکتی (مە)+ ڕەگی ڕابردوو+ مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوو= ڕابردووی بەردەوامی هەواڵی.** شوێنی جێناوی لکاویش بەپێی (تێپەڕ و تێنەپەڕ)ی کارەکە دەگۆڕێت.

| ئەسپێکت | ڕەگی ڕابردوو | م. کاتی ڕابردوو | جێناوی لکاو | ڕابردووی بەردەوامی هەواڵی |
|---|---|---|---|---|
| مە (دە) | کەر (تێپەڕ) | د | ۆ | مەکەرۆ (دەکات) |
| مە (دە) | مر (تێنەپەڕ) | د | ۆ | مەمرۆ (دەمرێت) |

**(هێڵکاری ژمارە (٤): خشتەی ئەسپێکتی (م/ مە) لە (ش. م)دا).**

ئەسپێکتی **(ـــ مە)**ی داخوازی لە (ش. م)دا لە کاتێکدا مۆرفۆفۆنێم دروستدەبێت، ئەگەر ڕەگی کار دەرنەکەوێت، جێناوی کەسی لکاو بە (بزوێن) دەربکەوێت، فۆرمی فەرمانەکە لە قالبی **(m)**دا دەردەکەوێت، بەم شێوەیە:

- **م**+ ۆ= مۆ (دەبێت). Mo

بەڵام ئەگەر ڕەگی کارەکە دەرکەوت و بە بزوێن دەستپێبکات، ئەوە مۆرفۆفۆنێم دروستدەبێت، وەک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو، بەم شێوەیە:

- **م**+ ار (هاوردە)+ ۆ = مارۆ (دەهێنێت). Maro

- **م**+ ۆر (واردە)+ ۆ= مۆرۆ (دەخوات). Moro

- **م**+ یس+ ۆ= میسۆ (دەخەوێت). Mîso

- ور+ **م**+ ێز (ورێزا)+ ۆ= ورمێزۆ (هەڵدەسێت). Wirmêzo

- **م+** ێش (ئێشا)+ ۆ= مێشۆ (ئێشان). Mêşo

نموونەکانی سەرەوە ئەو دەخەنەڕوو، کە فۆڕمی **(- م)** فۆڕمی بنەڕەتی نیشانەی بەردەوامییە و فۆڕمی **(- م)**ش شێوەی گۆڕاوی مۆڕفیمی **(- مە)**یە.

**١- ٢- ٢- ٥- ٢ ڕێژەی فەرمان (داخوازی):**

لە (ش. م)دا ئەم ئەسپێکتە بۆ نیشاندانی ڕێژەی فەرمان (داخوازی)ە، یەک نیشانە بۆ نیشاندانی ئەم حاڵەتە هەیە، ئەویش مۆڕفیمی **(ـــ ب)**ە، ئەم ئەسپێکتە لە ڕووی ڕۆنانەوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا نییە، یاساکەی بەم شێوەیە:

**ـــ مۆرفێمی ڕێژ (بـــ)+ ڕەگی ڕانەبردوو+ جێناوی لکاو= ڕانەبردووی ڕێژەی مەرجی (دانانی).**

| م. ڕێژە | ڕەگی ڕانەبردوو | جێناوی لکاو | ڕانەبردووی مەرجی |
|---|---|---|---|
| **بـ** | خەن | **ە** | <u>بِ</u>خەنە (پێبکەنە) |
| **بـ** | مر | **دێ** | بمر<u>دێ</u> (بمرن) |

**(هێڵکاری ژمارە (٥): خشتەی ئەسپێکتی (ب)ی ڕێژەی فەرمان (داخوازی) لە (ش. م)دا).**

فەرمانی **(ـ ب)**ی ڕووکار لە (ش. م)دا دوو فۆڕمی هەیە، ئەوانیش **(B, Bi)**ە: واتە ئەگەر ڕەگی کارەکە کۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێت، ئەوا فۆڕمی فەرمانەکە لە قاڵبی **(B)**دا دەردەکەوێت، واتە دەبێتە هۆی دروستبوونی مۆڕفۆفۆنێم، بەم شێوەیە:

- **ب+** ۆر (واردە)+ ە = بِۆرە (بخۆ). <u>B</u>ore

- **ب+** وڕ (بڕیە)+ ە= بِوڕە، یان **ب+** بڕ°+ ە= ببڕە (ببڕە). <u>B</u>ure

- **ب+** وراز (وراستە)+ ە= بِورازە (بدورە). <u>B</u>wraze

- ور+ **ب+** ێز (ورێزا)+ ە= وربِێزە (هەڵبسە). Wir<u>b</u>eze

- **ب+** یس (وتە)+ ە= بِیسە (بخەوە). <u>B</u>îse

بەڵام بە پێچەوانەوە هەرکاتێک ڕەگی کارەکە کۆتایی بە دەنگی نەبزوێن هاتبێت، ئەوا فۆڕمی فەرمانەکە لە قاڵبی **(Bi)**دا دەردەکەوێت، لەم حاڵەتەدا مۆڕفۆفۆنێم دروستناکات، بەم شێوەیە:

- **ب+** مر (مەردە)+ ە= بِمرە (بمرە). <u>Bi</u>mre

- **ب+** گێر (گرتە)+ ە= بِگێرە (بگرە). <u>Bi</u>gêre

- **ب+** کەر (کەردە)+ ە= بِکەرە (بکە). <u>Bi</u>kere

- **ب+** چڕ (چڕیە)+ ە= بِچڕە (بانگ بکە). <u>Bi</u>çre

**- ب+** سەن (سەنە)**+** ە= بسەنە (بکڕە). Bisene

ئەم ڕێژەیە لە ڕووی کاتەوە بەستراوە بە کاتی ئێستاوە و داهاتووەوە، بەڵام ڕابردووی نییە، لە ڕووی کەس و ژمارەشەوە پەیوەستە بە کەسی دووەمی تاک و کۆوە، (ش. م) هەروەک دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست هەمان یاسای پێکهێنانیان هەیە، هەروەک لە نموونەکانی سەرەوەدا ئاماژەی پێکراوە.

بەڵام ئەگەر کارەکە ناسادە بوو دەکرێت مۆڕفێمی **(ـــ ب)**ی داخوازی لابدرێت، بەتایبەت لەکاتی ئاخاوتندا، واتە لە دروستەی ڕووکەشدا لە (وتنی کاری ناسادە بە زۆری **(ـــ ب)**ی تێدەچێت). (حاجی مارفB: ٢٠١٤: ٢٤٨). بەمەش جۆرێکی دیکەی مۆڕفۆفۆنێممان بۆ دروستدەبێت کە لە شێوەی مۆڕفێمی (سفر)دایە، بەم شێوەیە:

- سەروەنە (سەرخە) ← سەربوەنە (سەربخە).
- یوت کەفنە (خۆت کەوێنە) ← یوت بکەفنە (خۆت بکەوێنە).
- زوی کەرە (خێراکە) ← زوی بکەرە (خێرابکە).
- دروستکەرە (دروستکە) ← دروستبکەرە (دروستبکە).

**١- ٢- ٢- ٦ مۆڕفێمی بەندی نەریکردن:**


نەرێکردن کردەیەکی زمانییە، لە زۆربەی زمانەکاندا بوونی هەیە، مەبەست لە نەرێکردن ئەو کارەیە کە ((ڕوونەدان و نەبوونی شتێک یان نەبوونی بارێک باسدەکات)). (شێخ تەیب: ٢٠٢١: ٣٨٥). ئەمە لە هەموو زمانە سروشتییەکاندا بەدیدەکرێت، ئەگەر بەشێوەیەکی ڕووکەش لە دیاردەی نەرێکردن بڕوانین، ئەوە تەنیا واتای ڕوونەدانی کارێک، یان بەرپەرچدانەوەی هەڵوێستێک دەگەیەنێت، بەڵام ئەگەر بە وردی سەرنج بدەین، دەبینین زیاتر لە واتایەک دەگەیەنێت، کەواتە نەرێکردن لە زماندا جگە لە واتا ڕووکەشەکەی چەندین واتای دیکە دەگەیەنێت، کە هەموویان پێچەوانەی واتا بنچێکەیە، بەڵام هەریەکەیان سنوور و مەودای کارکردنی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەوەی ئێمەش لێرەدا قسەی لەسەر دەکەین، مۆڕفێمە ڕێزمانییەکانی بواری نەرێکردنی کارن.

لە (د. ن) و (ش. م)دا مۆڕفێمەکانی نەرێکردن بەپێی جۆری کارەکە و کاتی کارەکە دەگۆڕێت، واتە کات و جۆری کارەکە بڕیار لەسەر مۆڕفێمەکان دەدەن، لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین: مۆڕفێمەکانی نەرێکردن دوو ئەرکیان هەیە، هەم مۆڕفێمی نەرێکردن، هەم مۆڕفێمی کاتن، واتە لەیەک کردەدا دوو ئەرک دەبینن. (تاهیر: ٢٠٢٠: ١١٠).

لە لایەن زمانەوانانەوە چەندین زاراوەی دیکەی بۆ بەکارهاتووە، وەک: (نەرێکردن، نەفی، ناکردن، نەرێ، نا، نەهی...)، کە تێکڕا یەک واتا و مەبەست دەگەیەنن.

مۆڕفیمەکانی نەرێکردن لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ڕۆڵێکی گرنگیان هەیە، بەتایبەتی لە بەشە ئاخاوتنەکانی ئاوڵناو و کاردا، بەشـــێوەیەکی گشـــتیش ئەو مۆڕفیمانەی ڕۆڵی چالاکیان لە نەرێکردندا هەیە ئەمانەن:

**م. نەرێکردن**




**(هێڵکاری ژمارە (٦): نەخشەی مۆڕفیمەکانی نەرێکردن لە (د. ن) و (ش. م)دا).**

هەریەکە لە **(ـ نە، ـ نا، ـ مە)** مۆڕفیمی بەندن، کەواتە کردەی نەرێکردن دەشێت لە ڕێگەی مۆڕفیمی سەربەخۆوە و مۆڕفیمی بەندەوە ئەنجامبدرێت، بەڵام ئەوەی مەبەستی توێژینەوەکەی ئێمەیە هەڵوەستەکردنە لەسەر مۆڕفیمی بەند لە ڕۆڵی نەرێکردندا.

نەرێکردنی کار لە ڕێگای چەند مۆڕفیمێکی بەندەوە ئەنجامدەدرێت، کە هەریەکە لەو مۆڕفیمانە بۆ کات و تافێک بەکاردەهێنرێت، نەرێکردن لە زمانی کوردیدا بەشـــێوەی پێشـــگر دەردەکەوێت و لە پێشـــی کارەکەوە دادەنرێت، کە زیاتر وەک مۆڕفیمێکی کار دەردەکەون و تایبەتن بەو بەشـــە ئاخاوتنە (چەند نیشـــانەیەک هەن بۆ گۆڕینی کارێکی ئەرێ، بۆ نەرێ). (ڕەسووڵ: ١٩٩١: ٢٢). کە هەریەکەیان تایبەتە بە جۆر و ڕێژە و کارێک، بەم شێوەیە:

١ـــــ **نە**: ئەم مۆڕفیمە دەچێتە ســەر کاری ڕابردوو بە هەموو جۆرەکانییەوە، هەروەها دەچێتە ســەر کاری ڕانەبردووی دانانی، تەنانەت هەندێکجار کاری داخوازی پێ نەرێدەکرێت. (حاجی مــارفB: ٢٠١٤: ٢٩٨). تەنیــا ئەم جۆرەی مۆڕفێمی نەرێکردن لە (ش. م)دا مۆڕفۆفۆنێم دروستدەکات.

مۆڕفێمی بەنـدی نەریکردنی **(ـــــــ نە)**ی ڕابردوو لە (ش. م)دا لە کـاتێکدا مۆڕفۆفۆنێم دروستدەکات، ئەگەر ڕەگی کار دەرنەکەوێت، جێناوی کەسی لکاوی (بزوێن) دەربکەوێت، لەو کاتەدا لە شێوەی **(ـ ن)** خۆی دەنوێنێت، بەم شێوەیە:

ـ **ن**+ ۆ= نۆ (نەبێت). <u>N</u>o

بەڵام ئەگەر ڕەگی کارەکە بە بزوێن دەستپێبکات، بەهەمان شێوە مۆڕفۆفۆنێم دروستدەبێت، وەک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو، کە ژمارەیان زۆر کەمە، بەم شێوەیە:

ـ **ن**+ یسۆ= نیسۆ (نەخەوێت). <u>N</u>îso

ـ **ن**+ ۆرۆ (واردە)= نۆرۆ (نەخوات). <u>N</u>oro

٢ـــ **نا**: ئەم مۆڕفێمە دەچێتەسەر کار، (تەنیا لەگەڵ فۆرمی کاری ڕانەبردووی ڕێژەی هەواڵیدا بەکاردەهێنرێت، کارەکە تێپەڕ بێت یان تێنەپەڕ، سادە بێت یان نـاسادە، شوێنی **(ـــ نا)** هەر پێش ڕەگەکەیە). (حاجی مارفB: ٢٠١٤: ٢٩٥). مۆڕفێمی نەرێکردنی **(ـ نا)** لە (ش. م)دا، مۆڕفۆفۆنێم

دروستناکات، هەرچەندە فۆڕمی نەرێکردنی **(ـــ نا)** لە شێوەی **(ـــ ن)**دا خۆی دەنوێنێت، هۆکارەکەشی بۆ پەیدابوونی بزرۆکە دەگەڕێتەوە، چونکە فۆڕمی نەریکردن لە قاڵبی **(ni)**دا دەردەکەوێت. بەم شێوەیە:

- **ن+** مەتەرسۆ (تەرسا)= نِمەتەرسۆ (ناترسێت). <u>Ni</u>meterso

- **ن+** مەکەرۆ (کەردە)= نِمەکەرۆ (ناکات). <u>Ni</u>mekero

- **ن+** مەکەفۆ (کەفتە)= نِمەکەفۆ (ناکەوێت). <u>Ni</u>mekefo

- **ن+** میسۆ= نِمیسۆ (ناخەوێت). <u>Ni</u>mîso

- **ن+** مۆرۆ (واردە)= نِمۆرۆ (ناخوات). <u>Ni</u>moro

٣ــــ **مە**: مۆرفیمی **(ــــ مە)**[٧] بۆ نەرێکردنی (کاری داخوازی/ فەرمان) لە (ش. م)دا بەکاردەهێنرێت، بەم شێوەیە،

١- سادە:

**- مە+ ڕەگی کار+ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی چوارەم.**

- **مە+** وان (وانا)+ ە= <u>مە</u>وانە (مەخوێنە). - **مە+** وان (وانا)+ دێ= <u>مە</u>واندێ (مەخوێنن).

ـــ **مە+** نویس (نویسنا)+ ە= <u>مە</u>نویسە (مەنووسە). ـــ **مە+** نویس (نویسنا)+ دێ= <u>مە</u>نویسدێ (مەنووسن).

٢- داڕێژراو:

**- پێشگر+ مە+ ڕەگی کار+ جێناوی لکاوی کۆمەڵەی چوارەم.**

- ور+ **م+** ێز (وریزا)+ ە= ور<u>م</u>ێزە (هەڵمەستە). - ور+ **م+** ێز (وریزا)+ دێ= ور<u>م</u>ێزدێ (هەڵمەستن).

ئەگەر سەرنج لە نموونەکان بدەین ئەوە دەردەکەوێت تەنیا لە حاڵەتی داڕێژراودا مۆرفۆفۆنێم دروسدەبێت، چونکە تەنیا لە یەک مۆرفێم پێکهاتووە.

٤ـــ **نی**: مۆرفیمی **(ـــ نی)** بۆ نەرێکردنی کاری هەبوون لەکاتی ئێستادا بەکاردەهێنرێت، (لە دیالێکتی ناوەڕاستدا تەنیا لەکاتی ڕانەبردوو بەکاردێت، بەڵام لە دیالێکتی ژووروودا لە ڕابردووش و ڕانەبردووشدا دەبینرێت). (حاجی مارفB: ٢٠١٤: ٣١٣). هەروەها دەشێت وەک (ڕووکارێکی کاری فەرماندانیش دابنرێت، بەمەش دەبێتە شێوەیەک لە ئەسپێکت و هەروەها دەچێتە خانەی ئەو مۆرفیمانەی کە دوو چەمکیان تێدا تواوەتەوە، هەم نەرێ و هەم فەرماندان). (خۆشناو: ٢٠١٦: ٢٧٨). بەم شێوەیە:

- نی+ یەن= نییەن (نییە).

٥ـــــ **بێ**: مۆرفێمی **(ـــــ بێ)** بۆ نەرێکردنی ئاوەڵناو بەکاردەهێنرێت، یان واتای پێچەوانەکەی دەگەیەنێت. بەم شێوەیە:

- بێ+ کەیل= بێ کەیل (بێ ماڵ).

- بێ+ هێز= بێ هێز.

- بێ+ کەس= بێ کەس.

- بێ+ دەرد= بێ دەرد.

**١- ٢- ٢- ٧ مۆرفێمی بەندی نادیاریی:**

بکەر نادیار بریتییە لە دیار نەمانی یەکێک لە کەرەستە سەرەکییەکانی ڕستە کە ئەویش بکەرە، (دەستووری گشتیی هەموو زمانێک لە گۆڕینی ڕستەیێکی بکەر دیار بۆ بکەر نادیار بریتییە لە دەرهاویشتنی بکەر و سپاردنی ئەرک بە بەرکار، بەڵام بەرکار هەمان ئەرک و مەفهومی خۆی دەمێنێت). (حاجی مارفB: ٢٠١٤: ٣٢٥). ئەم دیاردەیەش لە هەموو زمانانی جیهاندا بوونی هەیە، (بەگشتی زمانەوان و نووسەران هۆکارێک لە هۆکارەکانی بکەر نادیار لە لایەن قسەپێکەرانەوە دەگێڕنەوە بۆ کورتکردنەوەی ڕستە، واتە کورتبڕیکردن لە ئاخاوتندا، جگە لە ئەرکە سەرەکییەکەی خۆی، کە لابردن و نەهێشتنی بکەرە، (ساڵح: ٢٠١٢: ١٩٤). بەڵام هەر دیالێکت و شێوەزارێک بنەمای تایبەتی خۆی لە پێکهێنانی کاری بکەر ناردیادا هەیە، لە زمانی کوردیدا کاری بکەر نادیار بە زۆری بە مۆرفێمی **(ـــــ ر)** و لکاندنی بە ڕەگی کارە دەردەبڕدرێت، (لەگەڵ ئەمانشدا ئەسپێکتەکانی ماوەی ڕوودانی کار و نیشانەکان و ڕێژەی کارەکان بەشداردەبن لە دارشتەی کارەکە و ڕۆڵی خۆیان دەبێت. لەم دیاردەیەدا مۆرفێمەکانی نادیاری لە دارشتەی کارە بکەر نادیارەکاندا دەردەکەون و ڕۆڵی لاوازکردن و توانای کارەکان دەبینن). (عەلی: ٢٠١٥: ٢٠١٥).

لە (ش. م)دا لەکاتی بکەر نادیاری تەنیا مۆرفێمی **(ـــــ ر)** مۆرفۆفۆنێم دروستدەکات، بەهەردوو کاتی (ڕابردوو و ڕانەبردوو) بەهەمان شێوەی (د. ن)، وەک لە نموونەکانی خوارەوەدا ئاماژەمان پێداوە.

لە (د. ن) و (د. ژ)دا یاسای پێکهێنانی کاری بکەر نادیار جیاوازە، لە (ش. م)شدا هەرچەندە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەگەڵ شێوەزارەکانی دیکەی (د. ن)دا، بەڵام هەست بە بوونی هەندێک تایبەتمەندی دەکرێت، ڕەگی ڕانەبردووی کارەکە وەردەگیرێت، فۆرمی کاتی نادیاریش بەپێی کارەکە دەگۆڕدرێت، دروستکردنی کاری ڕابردووی بکەر نادیار مۆرفێمی (یا) و بۆ کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار مۆرفێمی (ێو) بە نیشانەی نادیارییەوە دەلکێن، بەم شێوەیە:

**یەکەم/ ڕابردوو:**

- پەنجەرە+ شکن+ ر+ یا= پەنجەرە شکنریا (پەنجەرەکە شکێنرا).

ـ وانەکە+ وان+ ڕ+ یا= وانەکە وانڕیا (وانەکە خوێنرا).

ـ ئایلەکە+ دین+ ڕ+ یا= ئایلەکە دینڕیا (منداڵەکە بینرا).

ـ ئاوەکە+ کوڵن+ ڕ+ یا= ئاوەکە کوڵنڕیا (ئاوەکە کوڵێنرا).

ـ ئۆتۆمبێلەکە+ سوچن+ ڕ+ یا= ئۆتۆمبێلەکە سوچنڕیا (ئۆتۆمبێلەکە سوتێنرا).

**دووەم/ ڕانەبردوو:**

ـ پەنجەرەکە+ مە+ شکن+ ڕ+ یۆ= پەنجەرەکە مەشکنڕێۆ (پەنجەرەکە دەشکێنرێ).

ـ وانەکە+ مە+ وان+ ڕ+ یۆ= وانەکە مەوانڕێو (وانەکە دەخوێنرێ).

ـ پیاوەکە+ مە+ دین+ ڕ+ یۆ= پیاوەکە مەدینڕێو (پیاوەکە دەبینرێ).

ـ ئاوەکە+ مە+ کۆڵ+ ڕ+ یۆ= ئاوەکە مەکوڵنڕێو (ئاوەکە دەکوڵێنرێ).

ـ ئۆتۆمبێلەکە+ مە+ سوچن+ ڕ+ یۆ= ئۆتۆمبێلەکە مەسوچنڕێو (ئۆتۆمبێلەکە دەسووتێنرێ).

بە سەرنجدان لە نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەردەکەوێت فۆڕمی کاتی ڕابردووی بکەر نادیار مۆڕفێمی **(یا)**ە، مۆڕفێمی کاتی ڕانەبردووی بکەر نادیار مۆڕفێمی **(یۆ)**ە، لە کاتی گۆڕینی ڕستەیەکی بکەر نادیاری ڕابردوو بۆ ڕانەبردوو ئەوە (مۆڕفێمی کاتی ڕابردووی بکەر دیار فڕێدەدرێت، بەمەبەستی زاڵبوونی چەشنی نادیارییە بەسەر دیاردا، لەهەمان کاتدا بەمەبەستی نەهاتنی دوو مۆڕفێمی کاتی ڕابردووە لە پێکهاتەیەکدا. واتە فڕێدانی کەرەستەی ناپێویست، لە وزە و ماوەدا. (قادر: ٢٠٠٣: ٦٢).

**ـ ئەنجام:**

١ـــــ لە نەناسراوکردنی ناودا ئەگەر ناوەکە بە دەنگی نەبزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوە تەنیا **(ێ)** بەکاردێت، بە بەراورد بە ئەلەمۆڕفەکانی دیکەی نەناسراوی، بەڵام ئەگەر بە دەنگی بزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوە **(یە)** بەکاردێت.

٢ـــــ ئەسپێکتەکانی کار **(مە)** بە دووشێوە دەردەکەوێت، دەبێتە مۆڕفێمی کاری ڕانەبردووی بەردەوام، هەروەها کاری داخوازیشی پێ نەرێ دەکرێت، بەڵام بەپێی جێناوە لکاوەکان و باری قسەکردنەکە لێکجیادەکرێتەوە.

٣ـــــ مۆڕفێمی بەندی نادیاریی لە (شێوەزاری ماچۆ)دا (ڕ)یە، واتە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ (دیالێکتی ناوەڕاست)دا نییە، بەڵام بۆ کاری ڕابردووی بکەر نادیار مۆڕفێمی **(یا)** و بۆ کاری ڕانەبردووی بکەر نادیار مۆڕفێمی **(یۆ)** بەکاردێت.

**هێما کورتکراوەکان**

| **هێما** | **لێکدانەوە** |
|---|---|

| | |
|---|---|
| دیالێکتی ناوەڕاست | د. ن |
| دیالێکتی ژووروو | د. ژ |
| شێوەزاری ماچۆ | ش. م |
| مۆرفێم | م |
| مۆرفێمی سفر | ∅ |

[١] ـــ مۆڕفێمی (ۆ) دەتوانێت وەک مۆڕفێمی بچووککردنەوە خۆی بنوێنێت، واتە ئەم مۆڕفێمە دەبێتە هۆکارێک بۆ داڕشـــتنی ناوە بچووککراوەکان، لە کردەی ناوەکاندا بەشـــێک لە کۆتایی ناوەکە تیادەچێت و لە شـــوێنی مۆڕفۆفۆنێمی (ۆ) دادەنرێت، ڕۆڵی بچووککردنەوە بە ناوەکە دەبەخشـــێت، ئەم دیاردەیە زیاتر لە ناوەکانی ڕەگەزی نێردا ڕوودەدات، واتە ئەم مۆڕفێمە دوو ئەرک بەجێدەگەیەنێت.
یەکەم/ شێوازی بانگکردنی نێر.
دووەم/ شێوازی بچووککرنەوەی ناوی نێر، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر شێوازی بچووککردنەوە

[٢] ـ کوڕە لە کاتی بانگکردنی مۆڕفێمی (سفر)دا دەبێت بە (کورە).

[٣] ـ لەکاتی بانگکردندا وشەی (کناچە) کورتدەبێتەوە بۆ (کنا).

[٤] ـ تێبینی/ مۆڕفێمی بانگکردنی (ـ گەل) مۆڕفۆفۆنێم دروستناکات، تەنیا بۆ ڕوونکردنەوە ئاماژەمان پێداوە.

[٥] ـ لەم حاڵەتدا نابێتە هۆی دروستبوونی مۆڕفۆفۆنێم.

[٦] ـ (نی، بێ) مۆڕفۆفۆنێم دروستناکەن تەنیا وەک ڕوونکردنەوە ئاماژەمان پێداوە.

[٧] ـــــ لە هەندێک حاڵەتدا مۆڕفێمی (نە) لە بری (مە) بۆ نەرێکردنی داخوازی بەکاردێت، بەم شـــێوەیە: نەلە (مەڕۆ)، نەلدێ (مەڕۆن).

## Listy Sarchawakan:

### Yakam/ Ba Kurdi:

### A/ Kteb:


١- Dalo, Layla Jalial Abas (2021), Morfemakani (ێ) la zmani kurdida ba karastay krmanji khwaru w juru, Chapi yakam, Chapkhanay Hevi, Hawler.

2- Fatah, Muhammed ma'ruf– Sabah Rashid Qadir (2006), chand layaneki morphology kurdi, Chapi yakam, Chapkhanay Roon, Slemany.

3- Fatah, Muhammed ma'ruf (2011), zmanawani, Chapi seyam, Chapkhanay Haji Hashim, Hawler.

4- Haji Marif, Awrahman (2014)A, Rezmani kurdi, Bargi yakam (wshasazi) Bashi yakam (Naw), Chapi dwam, Chapkhanay Rozhhalat, Hawler.

5- Haji Marif, Awrahman (2014)B, Rezmani kurdi, Bargi yakam (wshasazi) Bashi penjam (kirdar), Chapi dwam, Chapkhanay Rozhhalat, Hawler.

6- Haji Marif, Awrahman (2014)C, wsha ronan la zmani kurdida, Chapi dwam, Chapkhanay Rozhhalat, Hawler.

7- Ma'ruf, Abduljabar Mustafa (2010), drustay frez la zmani kurdida, la blawkrawakani malbandi kurdology, Slemani.

8- Malazadayi, Yara Qadr Hama (2013), Morfosintaks la Shewazari koyada, chapkhanay Kamal, Hawler.

9- Muhyaddin, Bazyan yuns (2013), Paywandi asti morphology ba asti fonology w sintaks, chapi yakam, chapkhanay Mukryani, Hawler.

10- Khoshnaw, Sherwan Husain (2016), twanay morfemi band la dawlamand krdni farhang w raparandni arki sintaksda , chapi yakam, chapkhanay Narin, Hawler.

11- Rasul, Abdulla Husain (2015), chand baseki wrdi zmanawani- kurdi, bargo yakam, chapkhanay Hevi, Hawler.

12- Salih, Darun AbdulRahman (2012), Ekonomi la astakani zmani kurdida, Chapi yakam, Chapkhanay Haji Hashim, Hawler.

13- Sa'id, yusif sharif (2013), wshasazi, Chapi yakam, Chapkhanay Haji Hashim, Hawler.

14- Shekh Tayeb, Shahab (2021), **wshasazi karaki** morfema dwlanakan ba nmuna, chapi yakam, chapkhanay Narin, Hawler.

15- Tahir, Shahab Shekh Tayeb (2020), chand babateki zmanawani, chapi yakam, chapkhanay Narin, Hawler.

B/ Nama Akadimyaken:

16- Ahmad, Narmin Omar (2010), Ba barhami la morfologi kurdida, namay mastar (blaw nakrawatawa), kolegi zman, zankoy slemani, Slemani.

17- Ali, peshraw Salih (2015), yasa morfofonalogiyakan la darshtay morfosintaksda, namay mastar (blaw nakrawatawa), kolegi zman, zankoy slemani, Slemani.

18- Brzo, Umed Barzan (2010), Morfosintaks w drustakani la shewzari khanaqin da, namay dktora (blaw nakrawatawa), kolegi zman, zankoy slemani, Slemani.

19- Hamid, Hersh Karim (2015), Barawrdeki morfofonemi la zmani kurdi w farsida, namay mastar (blaw nakrawatawa), kolegi zman, zankoy slemani, Slemani.

20- Mustafa, Raza Mustafa (2019), Polenkrdni morfema bandakan la sar bnamay chalaki w sisti emroyan la zmani kurdida (lekolinawayaki datayia), namay dktora (blaw nakrawatawa), kolegi zman, zankoy slemani, Slemani.

21- Qadir, Abubakr Omar (2003), Barawrdeki morfosintaksi la zmani kurdi w farsida, namay dktora (blaw nakrawatawa), kolegi zman, zankoy slemani, Slemani.

22- Rasul, Abdulla Husain (1991), Nakrdn la kurdida, namay mastar (blaw nakrawatawa), kolegi adab, zankoy salahadin, Hawler.

23- Tofiq, Limo Mahmud (2012), Darbrini chamki dyarikrdn w ashkra nakrdni naw w chand la kurdi w chand hawgrupy khoy w durlewi, Fakalty zansta mrovayatiakan, skuli zman, zankoy slemai, Slemani.

C/ Govara Akadimyakan:

24- Abdulrahim, Osman Karim (2016), Roli morfema rezmaniyakan la sazkrdni wsha w zarawai zmani kurdida, majalay jami'a tanmya bashariea, majala / 2, 'adad 4, safha 262 –289.

25- Farhadi, Sajida Abdulla– Shler Rasul Muhammed (2009), Hande layany bangkrdn la zmani kurdida, govari akadimyay kurdi, jmara 12, lapara 116 –140.

26- kakayi zade (2007), Pandi peshinany kakayi "Maco", govari karkuk 31, jmara (3), Sali Hashtam, lapara 101 –167.

27- Rasul, Husain – Rezhna Isma'il 'Aziz, (1398), Keshay morfem w polenkrdi (twazhinawayaki wshasazi)ya, govari pazhuhwshnama, adabyat kurdi, dawre panjom, jmara 7, lapara 232 –259.

D- Wanay zankoye:

28- Khoshnaw, Sherwan Husain (2019- 2020), Babat: Fonatik w Fonology, wanay zanko (master), Kolegy parwarday bnarati, Zankoy Raparin, Ranya.

Dwam/ Ba zmani Arabi:

30- Omar, Ahmad Mukhtar (1997), Dirasa Alsawt allughawi, Jami'a Alqahira, Msr.

Seyam/ Ba zmani Farsi:

31- Shari'at, Muhammed jawad (1370), Dasture tarikhe zabane farsi, chape chaharwm, Enyesharate Asatir, Tehran.

Charam/ Ba zmani Engh

32- Crystal, David (2008) A Dictionary of Linguistics and phonetics, Sixth Edition, Blackwell publishing.